# رۆژنامە پەیک

سەرپەرشتیار :
محەمەد کوردۆ
mhamadkurdo@yahoo.com

٨

هەفتەنامەیەکی فەرهەنگییە رۆژنامەی رۆژنامە دەریدەکات
ژمـارە (105) یەکشەممە 2007/11/25


## نامەیەکی کاروان عوسمان لە پەیک- دا



هونەرمەند کاروان عوسمان چەند رۆژێک بەر لەوەی لە سێدارە بدرێت نامەیەکی لە زیندانەوە بۆ محەمەد عومەر عوسمان-ی شاعیر ناردووە، لەژمارەی ئایندەی پەیک- دا دەیخوێنیتەوە.

## بنکەی ژین و
## یادی محەمەد رسوڵ هاوار



رۆژی هەینی ١١/٣٠ بنکەی ژین، لەشاری سلێمانی سالیادی کۆچی دوایی مێژوونوس و شاعیر (محەمەد رەسـول هـاوار) دەکاتەوە٠ بریارە لەو یادکردنەوەیەدا چەندین وتارو لێکۆڵینەوەی جیاجیا لەبارەی کارو بەرهەمەکانی ناوبراوەوە پێشکەش بکرێن و سەرجەم بەرهەمەکانی هاوار لەدوو بەرگدا بلاوبکرێتەوە، کە یەکەمیان بەناوی (بیرەوەریەکانی م. هاوار)و دووەمپان دیوانێکی شیعری (م. هاوار)ەو بۆیەکەمینجارە بلاودەبێتەوە.

لیژنەیەی ئامادەکاری ئەم سالیادە، کە سالی پار یادی ٥٠ سالەی کۆچی دوایی (شێخ مەحمودی حەفید)ی سازدابوو، بریاریشیداوە لە تەمووزی ئایندەدا یادی ٦٠ سالەی کۆچی دوای مێژوونوس (محەمەد ئەمین زەکـی بـەگ) بکاتەوە. بەو بۆنەیەوە داوا لەپسپۆران و شارەزایانی مێژوو دەکات کە بە لێکۆڵینەوەو توێژینەوەکانیان هاوکاری ئەو یادکردنەوەیە بکەن.

## ئالان فەتاح
## یەکەمین پێشانگای تایبەتی خۆی دەکاتەوە



**چۆمان ئەبوبەکر**

رۆژی ٢٨-١١-٢٠٠٧ بەرێوبەرایەتی هونەری شێوەکاری یەکەم پێشانگای تایبەتی بۆ هونەرمەند ئالان فەتاح دەکاتەوە، ئالان ئەم پێشەنگایەی پێشکەش بە (پـول سیزان) کـردووە لەبارەی پێشانگاکەوە هونەرمەند بۆ پەیک دواو وتی

وەک پێویستیەکی رۆحی خۆم ئەم تابلۆ واقعیانەم دروست کردوە بەرەنگی ئاوی و باستیلی چەور، بابەتەکانیش بریتین لەستیلایڤ و سەرنج خستنە سەر شێوە گۆیی و خرەکان وەک سێو میوەهات، ئەمانە سەنتەری تابلۆکان پێکدێنن. ئەمانە ئەوشتانەن کە ئێمە بەبێگیانیان دەزانین، بەلام خۆیان پرن لەژیان ، ژیانێک کەپەیوەندی راستەوخۆی ئێمەیە لە گەل ئەوان.

## کارل مارکس و ئەفلاتۆن
## لەتۆتالیتاریزمی فیکرەوە بۆ تیرۆرکردنی بەهای ئازادی




(کارل مارکس و ئەفلاتۆن لەتۆتالیتاریزمی فیکرەوە بۆ تیرۆرکردنی بەهای ئـازادی) لێکۆلینەوەیەکی فیکرییە لەتوێی (٣٤٦) لاپەرەداو لەنووسینی حسێن سۆران-ە. لەبارەی هێلی سەرەکی کتێبەکەوە نوسەر بە پەیک-ی راگەیاند: «من هەولمداوە لەم لێکۆلینەوەیەدا قسە لەسەر هەردوو چەمکی تۆتالیتاریزم و کوشتنی ئازادی فکر بکەم لە لای مارکس و ئەفلاتون» ئەم کتێبە لەبلاوکراوەکانی چاپخانەی (رۆژهەلات)ە، بەمزووانە دەکەوێتە پێش چاوی خوێنەران.

## فێستیڤاڵی گەلاوێژ بەردەوامەو گلەییش هەیە

پاش ئـەوەی هەندێک لەو نوسەرە بیانیانەی بانگهێشت کرابوون و بریاربوو ئامادەبن، ئامادە نەبوون، لەناو ئاپۆرەیەکی زۆری ئەدیب و ئەدەب دۆستاندا یازدەهەمین ڤیستیڤالی گەلاویژ رۆژانە هاوکات لە گەل پێشانگایەکی گەورەی کتێب و پیشانگایەکی فۆتۆ گرافییدا بەردەوامەو ئەمرۆ یەکەم رۆژی لێکۆلینەوەکانە. لەناو نوسەراندا جگە لەدەستخۆشی و سەرنج و پێشنیاز گلەییش لە ڤیستیڤاڵ هەیە، یەکێک لەو کەسانە حەمە کاکەرەش-ی شاعیرە گلەیی لە لیژنەی هەلسەنگاندنی شیعرەکان هەیە. لەمبارەیەوە ناوبراو لە لێدوانێکییدا بۆ پەیک وتـی: « من ئـاوا بیر ناکەمەوە کە ناوم لە ناوی بەشدار بووەکاندا نـەبـوو، ئیتر هەموو بەرهەمە شیعرییەکانی فـێـسـتـیـڤـالـی گـەلاویـژک بە ناشیعرو قسەی پرو پـووچ بزانم و داخ لەدلانە فێستیڤالەکە بدەمە بـەر تۆپەلە قسەو هیچ نەهێلمەوە. بەلام هەروایش بێدەنگ نابم و قسەی خۆم دەکەم چونکە تەواو بروام بەوە هەیە کە غەدر لە هەموو شوێنێک و لە ناو هەموو کایەکانی ئێمەدا بوونی هەیەو کاری خۆیدەکات و کەسیش ئاوری لێناداتەوە. لێرەدا دەمەوێت ئەوە بلێم : ئەوە بریاری لیژنەیەکی سێ چوار کەسییەو رەنگە نەبوونی زەوق و هەستی قوولبوونەوەو جوانی شیعرناسی، لە لای ئەو لیژنەیە وایکردبێت کە توانای ئەوەیان نەبێت شیعرو ناشیعر لە یەک جیابکەنەوە. گەر وانییە بۆ دەبێت چەند ناوی بێئەزموون و شیعر کال لە لیستی ناوە بەشداربووەکاندا بن. من تەواو بێتاقەتی ئەوەم دوای سالێک ئیشکردن لە شیعرێکی درێژدا، دوای ئەوەی بۆ سێ چوار شاعیرو نووسەری دیاری کوردم خوێندەوە کە زۆریـان پـێ جوان بـوو، کـەچـی بە داخەوە لێژنەکەی گـەلاویـژی نـوێ، تاقەتی ئـەوەیـان نەبوو یـان نەیانتوانی، حـەقـی خـۆی بـدەنـێ. لـە لای ئـێـمـە هەموو فێستیڤال و کۆبوونەوەکان تێدەپەرن و تەواو، کەس دواتر قسەیان لێناکات خۆزگە دەخوازم هەموو شیعرەکانی ئەم فێستیفالە لە شیعرەکەی من شیعرتربن، بەلام دلنیام وانییەو منیش شیعرەکەم بلاودەکەمەوەو دەیبینن.